یەنامی "بە توندی" سەرکەنەی هەرشی سوپای پاسداران بەسەر هەولێر دەکات

یەنامی "بە توندی" سەرکەنەی هەرشەکەی شەوی رابردووی سوپای پاسدارانی ئێران بەسەر هەولێر دەکات و دەڵێت، هەرشەکان لەلایەن هەر لایەنێکەوە ئەنجام بدرێن، پێویستە بوەستێندرێن.

ئەمە سەشەمە، 16-01-2024، نوێنەرایەتیی نەتەوە یەکگرتووەکان لە عێراق (یەنامی) لە راگەیەندراوەکدا "بە توندی" سەرکەنەی هەرشە مووشەکییەکەی شەوی رابردووی سوپای پاسدارانی ئێرانی بە سەر شاری هەولێر کرد کە بەهۆیەوە ژمارەیەک هاووڵاتیی سڤیل شەهید بوون و بەشێکی دیکەشیان بریندار بوون.

وەکو ئەوەی یەنامی باسی کردووە، ئەو هەرشانەی ئاسایش و سەروەریی خاکی عێراق پێشێل دەکەن؛ لەلایەن هەر لایەنێکەوە بکرێن، پێویستە بوەستێندرێن.

یەنامی لە راگەیەندراوەکەیدا بە پێویستی دەزانێت "نیگەرانییە ئەمنییەکان" لە رێگەی دیالۆگەوە چارەسەربکرێن "نەک هەرشەکان".